www.kurdistannet.org
20-10-2006 11:38 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لێژنە ... - مزەفەر عەبدولوەهاب

دوای فراوانبوونی دەسەڵات و مەودای کارکردن لەهەموو بوارەکان و زۆربوونی فەرمانگەکانی دەوڵەت لەهەرێم و لەعێراق، ئیدی دەسەڵات بەگشتی لەهەرێم دووچاری گێژاوی دروستکردنی لێژنەو لێژنەکاری بۆتەوە، کارگەیشتۆتە ئەوەی زۆربەی زۆری فەرمانبەرو بەڕێوەبەرو وەزیرەکانی ئەندام یاخود سەرۆکی لێژنەیەك بن!... لەبەرئەوەی کەسیان بەدەستەوە نەماوە بۆ پێکهێنانی لێژنەی تازە بۆیە زۆرجار پەنادەبەنە بەر کەسانێك لەدەرەوەی حکومەت!...

لێرەدا باسی ئەو دەیان لێژنەیە ناکەم کە لەناوەند پێکیانهێناوە بۆ راهیکردنی کاروبارەکانیان بەڵکو بەکورتی تیشکێك دەخەمە سەر ئەو لێژنانەی لەکوردستان دروستیان کردووە کە لەهەژمار نایەت، دیارە ئەو لێژنانەش کە سەدان ملیۆن دیناری بۆ دەکرێتە بودجە لەپێناو ڕێك و پێك بەڕێوەچوونی کارەکان و خزمەتکردنی خەڵکی دێنە دامەزراندن و هیچ ئامانجێکی دیکەی بەدواوە نییە! لەوانەش لێژنەی سوتەمەنی و لێژنەی کارەباو لێژنەی گرانی نرخ لەبازاڕەکان و لێژنەی کری ی خانوو لێژنەیدابەشکردنی زەوی و لێژنەی قیرتاوکردنی شەقام و گەڕەکەکان و لێژنەی نەهێشتنی گەندەڵیی و لێژنەی قەرەبووکردنەوەی ئاوارەکانی کەرکوك و هی شەڕی ناوخۆو لێژنەی سەرخەو نەشکاندنی پارلەمانتاران و لێژنەی یەکترناسین و تاد...

کەچی کاتێك سەرنج دەدەین دەبینین سوتەمەنی تەبەخوزی کردووەو هاوڵاتی نییە تامەزرۆی بینینی دڵۆپی نەوت نەبی لەماڵەکەی خۆی و بوینەتە ئەو گەلەی هێشتا نەگەیشتبێتە سەردەمی ئەدیسۆن و بەدەمووچەش ناتوانری پێداویستی مانگێك دابینبکری و هەموو کرێچییەك خاوەن موڵکی لی بۆتە مۆتەکەو زەوی قەحت بووەو بۆ وەرگرتنی چەند مەترێك خەریکە لەودیو دوو وێنە ریشدارەکە دابەشی بکەن و ئاوارەکانیش ماڵوێران و قوڕبەسەر لەخێوەت و پاشماوەی کەلاوە سەربازییەکان ژیان دەگوزەرێنن و گەندەڵیش هەرباسی مەکە واخەریکە ئێسقانمان تێکدەشکێنی و بەشێك لە پارلەمانتارەکانیش کاتی ویستیان بخەون یاخود پەیوەندی بەم لاو ئەولا بکەن ئەوا پێویستیان بەمۆڵەت نییە!

ئەم هەموو لێژنەیە ئەهەمییەتیان چی یە گەرهاتوو ئەو کارەی بۆی دامەزراون جی بەجی ی نەکەن؟! ئایا دامەزراندنی لێژنە لەپێناو خزمەتە یاخود دەستکەوت و شتی دیکە؟!

بەهەرحاڵ زۆربەی ئەو لێژنانە لاوازن و بەشێکیان تەنانەت لەسنوری کارەکانی خۆیان چەقبەستووبوون و هەندێکی دیکەیان پاساویان هەیە... تاد...

بەبینینی ئەو لێژنانەی لەسەرەوە باسمانکردن دەبی چاوەڕوانی چی بکەین لەو لێژنەیەی کە بەم دواییانە بۆلێکۆڵینەوە لەگەڵ سیخوڕو فایلدارەکان پێکهاتووە! دەبی ئەمیان کارەکانی چۆن بەڕێوەبچی؟ ئایا بەهەمان دەردی لێژنەکانی دیکە دەچی یاخود بەفیعلی بوونی خۆی دەسەلمێنی و تاوانباران تەسلیمی دادگا دەکات؟.. بێگومان ئەم لێژنەیە ئەرکێکی یەکجار قورسی لەسەرە چونکە ئەمجارەیان بۆمەسەلەیەکی گرنگ هاتۆتە ئاراو ڕەنگە زۆر لەبەرپرسان و خاوەن پۆستە بەرزەکان مرۆڤە ناودارەکان دووچاری لێپرسینەوەبن!

گرنگە ئەم لێژنەیە توندوتۆڵ بێت و بەهیچ کلۆجی کارەکانی خۆی دوانەخات و گوتەو لێدوانی ئەملاو ئەولا کاریگەریی بەسەرییەوە نەبێت و بەپەلەو بی دواکەوتن بکەوێتە گەڕو ئاراستەی خۆی بگری، دواکەوتنی ئەم لێژنەیە لەکارەکانی دەبێتە هۆی ئەوەی بواری ئەوە بڕەخسی بەشێك لەسیخوڕەکان پەیوەندی بەموسڵ و فەللوجەو تکریتەوە بکەن و بەشێکیشیان بەرەو ئەوروپا تێبتەقێنن و بچن ئاوەدانی بکەنەوەو بەشێکیشیان بەهۆی تەمەنەوە وەفات بفەرموون!

لەدواجاریشدا تەنها ئەوانە بمێننەوە کەبە هەڵەو غەدر ناویان خزێنراوەتە نێو لیستی سیخوڕەکان و هەرئەوانەش ئامادەی لێکۆڵینەوەبن.
دەبی بزانری کە ئەمە لێژنەیەکی خزمەتگوزاری نییە، لێژنەیەکی سیاسی ئەمنی یە پەیوەندی بەگەل و خاك و نیشتمانەوەیە، پێویستە تێکڕای دەسەڵاتەکانی پێببەخشری و پشتگیری و پاڵپشتییەکی تەواوی لی بکری ئەگینا ئەمەشیان بەئاقاری لێژنەکانی دیکە دەچێت و دەسەڵات لەلایەن خەڵکی یەوە ناشیرینتر دەبێت